# تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای



Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin
3
کوردی ckb

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

تۆوێکی بچووک، چیرۆکی وانگاری ماتای

Nicola Rijsdijk
Maya Marshak
Agri Afshin

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

له گوندێك له دامێنی چیای کینیا له ڕۆژهەڵاتی
ئەفریقا، کچێکی بچووك لەگەڵ دایکی لەسەر
کێڵگەکانیان کاریان دەکرد. ئەو ناوی وانگاری بوو.



وانگاری پێی خۆش بوو لە دەرەوە بێ.
خێزانەکەیان بێستانێکیان لە بەر ماڵێ هەبوو. ئەو
بە چەقۆیەکی گەورە زەوییەکەی دەکێڵا و تۆوی
بچووکی دەخستە ناو زەوییە گەرمەکەوە.



بەلای ئەوەوە خۆشترین کاتی رۆژ، دوای خۆر
ئاوابوون بوو. کاتێك هەوا تاریك دەبوو کە ئیتر
نەدەکرا گژوگیا ببینێ، دەیزانی کە ئیتر کاتی
ئەوەیە بگەڕێتەوە ماڵەوە. ئەو بە باریکەڕێی ناو
کیڵگەکاندا دەڕۆی و لە ڕووبارەکان دەپەڕییەوە،
بەرەو ڕێگای خۆی.





وانگاری لە ساڵی 2011 کۆچی دوایی کرد، بەڵام
ئێمە دەتوانین هەرکات چاومان بە دارێکی جوان
کەوت، ئەومان بەبیر بێتەوە.




وانگاری کچێکی زیرەك بوو و دەیهەویست بچێت
بۆ قوتابخانە. بەڵام دایك و باوکی پێیان خۆش
بوو لە ماڵ بمێنێتەوە و یارمەتییان بدات. کاتێك
تەمەنی بوو بە حەوت ساڵ، برا گەورەکەی، دایك
و باوکی رازی کرد کە رێگەی وانگاری بدەن بۆ
قوتابخانە بڕوات.





وانگاری بە سەختی کاری کردبوو. خەڵکی هەموو
دونیا کارەکەیان بەرز نرخاند و بە ناوبانگترین
خەڵاتیان پێدا. پێی دەڵێن خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ.
وانگاری یەکەمین ژنی ئەفریقیا بوو کە ئەو
خەڵاتەی وەرگرت.




ئەو حەزی لە شت فێربوون بوو! وانگاری لەگەڵ هەر کتێبێك کە دەیخوێندەوە زیاتر و زیاتر شت فێردەبوو. ئەو لە بەر زیرەکیان لە قوتابخانە بانگهێشتیان کردە ئەمریکلا بۆ خوێندن. وانگاری زۆر خۆشحاڵ بوو! ئەو دەیهەویست شتی زیاتر لە بارەی جیهلانەوە فێر بێت.





کلات تێپەڕی و دارە نوێیەکلان گەورە بوون و د دارستانیان لیٚ دروست بوو، رووبارەکلانیش دووبارە بووژانەوە. چیرۆکی وانگاری بە هەموو ئەفریقیادا بڵاو بۆوە. ئەمڕۆ بە ملیۆن دار گەورە بوون بە هۆی تۆوی وانگارای.




وانگاری لە زانکۆی ئەمریکا زۆر شتی نوێ فێر بوو. ئەو لە بارەی ڕووەکەکانەوە دەیخوێند و بزانیت چۆن گەورە دەبن. هەروەها بیری لا بوو کە خۆی چۆن گەورە بووە: چۆن لە گەڵ براکانی لە ناو دارستانە جوانەکانی کینیا یاری دەکرد.





وانگاری دەیزانی کە دەبێ چی بکات. ئەو ژنەکانی فێر کرد کە چۆن لە تۆوە چکۆلەکان دار بڕوێنن. ژنەکان دارەکانیان فرۆشت و پارەکانیان بە باشی بۆ خێزانەکانیان بەکار هێنا. ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون. وانگاری وای لێکردن کە هەست بە بەهێزی و دەسەڵاتداری بکەن.



ئەو دەیزانی هەرچەند زیاتر شت فێر بێ، هەستی خۆشەویستی بۆ خەڵکی کینیا زیاتر دەبێت. ئەو دەیهەویست ئەوان خۆشحاڵ و ئازاد بن. لە گەڵ زیاتر فێر بوونی، زیاتر بیری وڵاتەکەی خۆی لە ئەفریقیا دەکردەوە.





کاتێك ئەو لە خوێندن تەواو بوو، گەڕایەوە بۆ کینیا. بەڵام وڵاتەکەی گۆڕانکاری بە سەردا هاتبوو. زەوی و زارە گەورەکان سەرتاسەری وڵاتیان داگرتبوو. ژنەکان داریان نەبوو کە ئاگر بکەنەوە و خواردن دروست بکەن. خەڵك هەژار بوون و منداڵەکانیش برسی بوون.